الاتحاد العام للاجئين العراقيين
THE INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

# حکومەتی دانیمارك بەرپرسە لە سەربڕینی ( حسین جەبار ) !

ڕۆژنامەی ( پۆلیتیکەن) لە بەرواری ١١ دیسمەبەر هەواڵی کوشتنی پەنابەرێکی کوردی عیراقی بەناوی ( حسین جەبار )ەوە بڵاوکردەوە، کە چوار ڕۆژ پێشتر لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری **( گاناز )دا** دەچنە سەری و دەکوژن.

بۆ بەدواچوونی ئەم تاوانەو چۆنیەتی کوشتنی حسین جەبار، ڕۆژنامەی ناوبراو چەند پرسیاریکی ئاراستەی بەرپرسێکی دەزگای (مکافحەو ئیجرام)ی دانیمارك کردوە کە لێرەدا چەند دێڕێکی دەخەینە ڕوو: قسەکەری دەزگای (مکافحەو ئیجرام) دەڵێت (( بەپێی ئەو لیکۆڵینەوەو زانیاریانەی کە ئێمە بەدەستمان هێناوە(حسین جەبار) کەسێکی زۆر ئارام و بێ کێشە بووە کەلەماڵەکەی خۆیدا چەند چەقۆیەکی لێ دراوەو پاشان سەریان لێ کردوەتەوە. ئەم جەریمە دوورنی‌یە کەلایەنێکی سیاسی پێی هەلنەسابیت. چونکە ئەو کەسە خۆی هەستی کردوە کە گروپێکی ئیسلامی ڕادیکالی سەر بە کوردستانی عیراق بەدوایەوەن،چ لە کوردستان و چ لە دانیمارك.

ئەمە لە کاتیکدایە کە حسین جەبار پێشتر بەڕۆشنی کاربەدەستانی حکومی لە هەڕەشەو کێشەو مەترسی‌یەکانی خۆی لەلایەن بزوتنەوە ئیسلامی یەوە ئاگادار کردوەتەوەو هەروەها ڕونکردنەوەو دان پیانانی پۆلیس لەم بارەوە یاشترین بەلگە نەویستە بۆ خستنە ڕووی کردەوەی ئیسلامی یەکان! هەقیقەت ئەوەیە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا سەدان هەزار ئینسان لە ئاکامی زەبروزەنگی حکومەت ولایەنە ئیسلامی یەکانەوە ناچار بەهەلاتن و ڕوکردنە ولاتانی ئەورووپا دەبن، کوشت و کوشتاری زیاتر لەسەد چەکداری یەکیتی نیشتمانی لە کوردستانی عیراق لەمانگی ڕابردودا بەلگەنەویستێکی تری هەلاتی هەزاران کەسی وەك حسین جەبارە. ئەمڕۆ کار بە جیگەیەك گەشتووە کە بە ئاشکرا ئەم لایەنانە مزگەوت و قوتابخانەکانی ئەورووپاش بکەنە بنکەو مەلبەندی تیرۆریستیان، تا سەرئەنجام لە لەندن پۆلیسی بەریتانیا لەم ڕۆژانەدا ناچار بە دەستگیرکردنی شەش کەسی گومانی لیکراوی تیرۆریست بوو.

سەرباری خستنە ڕووی مشتی لەخەرمانی ئەو ڕاستی‌یانە جێگەی خۆیەتی کەچەند پرسیاریك ئاراستەی دەزگا لیپرسراوەکانی حکومەتی دانیمارك بکەین: ئایا هۆی چی‌یە کە سەرباری ئاگادار کردنەوەی دەزگا بەرپرسەکان لەلایەن حسین جەبارەوە لەبارەی ئەو مەترسیانەی کە هەرەشە لە ژیانی دەکەن بەلام حکومەتی دانیمارك هیچ هەنگاویکی جدی بۆ پاراستنی ژیانی ئەم کەسە هەلنەهیناوەتەوەو تەنانەت تائیستەش هیچ ڕونکردنەوەیەکی ڕەسمی لەلایەن دەزگا لیپسرواوەکانەوە نەخراوەتە ڕوو؟

ئەم کارەساتە ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی خەلك و کۆمەلگای دانیمارکی دووچاری نیگەرانی‌یەکی گەورە کرد، ئەوا بە تایبەت ژمارەیەکی زۆری لە پەنابەران دووچاری ترس و نیگەرانیەکی لەڕادە بەدەر کرد بەجۆریك کە هەر ئێستە زۆرێك لە پەنابەران لە دانیمارکیشدا هەست بە بوونی ئاسایش ناکەن و نیگەرانی درێژە پیدانی ئەم کردەوە تیرۆریستیانە لەلایەن ئیسلامی یەکانەوە. کەواتە جێی خۆیەتی کەبپرسین ئایا ئەم کارەساتە حکومەتی دانیمارك ناچار دەکات بەوەی کە جاریکی تر چاو بە کەیسی هەموو ئەو پەنابەرانەدا بخشیێتەوە کە بەهۆی نەبوونی ئەمنی‌یەت و لە دەست هەرەشەی ئیسلامی یەکانەوە نارچار بە هەلاتن و ڕوو کردنە دانیمارك بوون بۆ بەدەستهینانی مافی پەنابەری؟

ئایا لە پەیوەند بەم تاوانە تیرۆریستیانە حکومەتی دانبمارك هیچ بە دواچوون و ئیجرائاتێکی جدی دەکات دژ بە ڕێکخراو گروپە ( ئیسلامی سیاسی )کان و بەتاییەت لەبەرابەر بەو لایەنە ئیسلامی‌یەی کە پیشتر حسین جەبار ئاماژەی پیّکردوە؟

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سەرباری بەتووندی مەحکوم کردنی ئەم کردەوە تیرۆریستانە، هەروەها حکومەتی دانیمارك بە بەرپرسی دەزانیت و خوازیاری ئیجرائاتیکی جدی و دەستنیشان کردنی تیرۆریستان و کەس و لابەنی تاوانبارو ریگرتن هەلویستگیری جدی‌یە دژ مەترسی پەرەسەندنی کردەوەی لەمە چەشنە تیرۆریستانە!

ریبوار عارف سکرتیری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

٢٠٠٣ / ١ /٢١

Address: PL 3
00391 Helsinki - Finland
fediraq@welho.com
Fax : 00 358 9 2419493

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت